
Mentor Migration
SALAM
Spielen-Austauschen-Lernen-Achtsam-Miteinander



دایک وباوکانی ئازیز:-

ئەم نامەیەزانیاریتان ئەداتێ دەربارەی پڕۆگرامی پەروەردەی سەلام (یان ئازادی).

سەلام چیە مانای چیە:-

*قوتابیانی زانکۆی پەروەردەی فرایبورگ لە مانگی ١١ی ئەمساڵەوە تا مانگی ٧ی ساڵی داهاتوو چاودێری منداڵانی قوتابخانەسەرەتاییەکان ئەکەن.

*هەفتەی یەکجار بۆماوەی ٢تا ٣ کاتژمێرئەبێت چاوییان بەیەکتر بکەوێت.

*قوتابیانی زانکۆمناڵان لەقوتابخانەوەیان لە ماڵەوە لەگەڵ خۆیان ئەبەن.( بۆئەو مەبەستەش وت و وێژ لەگەڵ دایکان و باوکان ئەکرێت بۆ ڕا وەرگرتن).

*قوتابیانی زانکۆ و مناڵان کاتە فەراغەکان لەگەڵ یەکتر ئەبەنەسەر لە ڕێی یاری کردن سەردانی شوێنە ناوازەو-تازەکان و زۆر وت و وێژ لەگەڵ یەکتر ئەکەن.

* چالاکیەکانی وەکو:- پەرتوکخانە(مکتبە) ،خواردن دروستکردن ، مەلەکردن، پاسکیل لێخورین ، چونە مۆزەخانە ونوسینەوەی یادەوەری ڕۆژانە.

*قوتابیانی زانکۆ ئەتوانن یاریدەدەری خێزانەکان بن لە کاتێکا پرسیاریان لەسەر قوتابخانە یان ژیانی ڕۆژانەهەبێت.

*لە بەرامبەر ئەم کارەدا قوتابیانی زانکۆ هیچ داهات و پارەیەک وەرناگرن ...تەنها ڕاهێنانەبۆ فێرکردنیان لەژێر چاودێری بەرپرسانی زانکۆی پەروەردەی مامۆستایاندا.

****خۆشحاڵ ئەبین بە بەژداری کردنی مناڵانتان****

😊